سەماحەتی حەکیم ستایشی دەزگا ئەمنییەکان دەکات و دووپات دەکاتەوە کە پێشینە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و لەناوبردنی مادەی هەشبەرە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەکاتی پێشوازی کردنی لە بەڕێز عەبولئەمیر ئەلشەمری وەزیری ناوخۆ ستایشی ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی کرد لەکاتی بەڕێوەچوونی لووتکەی عەرەبی لە بەغدا و هیوای خواست زیاتر وێنەی عێراق بەدەر بخەن وەك دەوڵەتێك کە توانای دابین کردنی ئەمنیەتی بێنە گۆڕەکانی هەبێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێشینەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت پێویستە پتەوکردن و پێشخستنی بەئەلکترۆنی کردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تازە بێت لە کارەکان، گوتیشی وەزارەتی ناوخۆ هاوبەشکی سەرکییە بە هاولاتی لەرەژی لەدایك بوونی تا رەژی کەچی دوایی ئەوەش وا دەکات کە لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی بڕەین، گوتیشی پێشخستنی کەرتی فریاکەوتن و پتەوکردنی تواناکانی هاوکاری مرۆیی پێویستە ببێتە پێشینەی کارەکانی وەزارەت و ئاماژەی کرد کە پێویستە لە بواری فراکەوتنی خێرا کاتی بەپەلە لەرووی کاتەوە زیاتر ڕەچاوی خێرایی کارەکە بکەن.

سەبارەت بەدەسەی مادەی هەشبەر، بەڕێز حەکیم داوای کرد ستراتیژیەتێکی هاوسەنگ پەیڕەوی بکەن کە جیاکاری هەبێت لەنێوان ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت کە پێویستیان بە پرۆگرامی تایبەتی چارەسەرکردن هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی بازرگانی پێوە دەکات.

لەکۆتاییدا سەماحەتی باسی دادپەروەری پرسەی هەڵبژاردنی کرد و دووپاتی کردەوە کە ڕێی جەزگا ئەمنییەکان دەبێت دابین کردنی کەشێکی پڕ لە ئاسایش بە هاولاتیان تا بە ئازادی بژاردە و خواستەکانیان دەربڕن.